گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4. 0
DOI: https://doi.org/10.26750/f9450e69
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 11/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21/09/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# مردنی خودا و گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ لە تێڕوانینی نیتچەدا

**عەبدوڵلا محمد عەبدوڵلا[١] - حسن حسێن صدیق[٢]**
[١+٢]بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
hassan. 25@uor. edu. krd - azadykurd94@gmail. com

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە بەپێی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی ئەنجامدراوە. لە ڕوانگەی نیتچە هیچ هەبویەکی ئاینی و میتافیزیکی بونی نییە چارەنوسی مرۆڤ دیاری بکات، بیخاتە نێو چوارچێوەی ئاکارەوە، لەنێو "دەبێت و نەبێت"دا قەتیسی بکات. بەڵکو خودا ورێنە و هیچی تر، هیچ دەهندە (گەورە)یەکی ئاوەزدار و ترسێنەر بونی نییە، خودا بنەچەی هەیە لە ئەنجامی ترسەوە دروست بوە، مرۆڤ خۆی چێی (دروست)ی کردوە، بەمەش خوڵقێنەر مرۆڤە، نەک خودا. ئاوا هزرێک کە پێوایە خودا هەیە، یاسا و ڕێسا بۆ مرۆڤ دەنێرێ تا ژیانی ڕێکبخات، جگە لە زەبون کردن و پلیشانەوەی مرۆڤ چیتر نییە. مرۆڤ بۆ ئەوەی شکۆی بۆ بگەڕێتەوە پێویستە زاڵبێ بەسەر هزر و باوەری میتافیزیک و ئایندا، جاڕی مردنی خودا بدات، چونکە ئەم دو باوەڕە ژەهرن، مرۆڤ دەپسێنن، ورێنە بە ڕاستی دەکەن، نیچە وتەنی پێویستە مرۆڤ خودای خۆی تەمبێ بکات بێژێ: خودا ورێنە و هیچی تر. بە ئاوا کارێکیش دلێرانە زاڵدەبێ بەسەر ترس و خودای ترسێنەر، لە جێی پاڕانەوە و ستایش خۆی ژیانی خۆی مانادار دەکات، یا بە مانایەکی تر دەبێتەوە بە خۆی. جگەلە خۆی هیچ خودایەک بە خوڵقێنەر نازانێ، چونکە تەنها ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ژیان و گەردون مەبەستدار و ئەندازەییە کە ئەندازیارێک لە پشتییەوە بێ و جاڵجاڵۆکەئاسا تەون بچنێ، بەڵام کاتێ وەها خودایەکی جاڵجاڵۆکەئاسا بونی نییە، تەکوزیانە ئاسمان و گەردون چی بکات، ئەوا تشتێکیش نامێنێت بە ئەندازەیی و مەبەستداری گەردون و ئاسمان، بەمەش مرۆڤ ڕزگاری دەبێت لە ورێنە خودایی ئایدیالیستان و هەبویەکی ئەندازیار.
**کلیلە وشەکان:** نیتچە، خودا، مردنی خودا، مرۆڤ، شکۆ، مردن.

# The Death of God and the Return of Glory to Human in Nietzsche's Perspective.

Abdalla Mohammed Abdalla[1] –Hassan Hussein Siddiq [2]
[1+2] Department of Philosophy, College of Humanities, Raparin University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This study employs a phenomenological method to investigate fried riches.

From Nietzsche's perspective, there is no religious or metaphysical entity that determines human destiny, imposes structure upon reality, or dictates a framework of "oughts" and "ought-nots. " Rather, God is an illusion—an empty construct. There exists no powerful, awe-inspiring being to fear or to submit to. Through such a brave act, he masters both fear and the god who inspires it. Instead of pleading and praising, he gives meaning to his own life—or, in other words, he becomes himself. He recognizes no creator god other than himself, for only then can we say that life and the universe are purposeful and designed—if there is a spider-like architect behind them, weaving a web. But when such a spider-like god does not exist, what can the celestial and the cosmos possibly do in a harmonious manner? Consequently, nothing remains of the supposed purpose and design of the cosmos and the heavens. In this way, human is liberated from the idealistic illusion of a designer deity, as well as from the fear, dread, and punishment imposed by the god of religion. "

**Keywords:** Nietzsche, God, death of God, human, glory, die.

## پێشەکی

لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی تێڕوانینی نیتچە لەمەڕ بنەچە و دروستبونی خودا و چۆنیەتی گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ ڕون دەکەینەوە. لە ڕوانگەی نیتچە هیچ هەبویەکی میتافیزیکی و ئاینی بونی نییە، خودا وەهمە، بنچەی هەیە لە ئەنجامی ترسەوە دروست بوە، بۆ گەڕانەوەی شکۆش بۆ مرۆڤ، پێویستە مرۆڤ خودا بکوژێ.

**کێشەی توێژینەوە:**

پرسی بون و نەبونی خودا، لەگەڵ ئەوەی کێشەیەکی کۆنە، بەڵام پرسیێکی ئەمرۆییەشە، چونکە تا ئەمرۆش زۆرینەی خەڵک بڕوایان بە خودا هەیە، بە هەبویەکی ڕاستەقینەی دەزانن. سەرەڕایی ئەوەی زانست بەشێوەکی باش گەشەیسەندوە، بەڵام هێشتا خودا وەک هێزێکی نادیار بەشێکی سەرەکیی لە ژیانی مرۆڤ پێکدێنێ چ وەک هێزێکی ڕزگارکەر، چ وەک هێزێکی هەڕەشەکەر. کێشەکەش ئەوەیە ئایا خودا هەیە یان نا؟ ئایا بونی خودا مرۆڤ پرشکۆ دەکات یان زەلیل و زەبون؟ بۆ وەڵامی ئەم پرس و کێشەیەش بیر و هزری جیاجیا هەن، بەڵام هزر و ڕوانینی نیتچە شرۆڤەیەکی

قوڵ دەربارەی ئەم پرس و کێشەیە دەخاتەڕو. لە ڕێگەی هزری نیتچە بنەچەی دروسیتبونی خودا و چۆنییەتی گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ ڕون دەکرێتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەش چارەسەکردنی ئەو کێشەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی.

**گرنگی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لەبەر چەند هۆکارێک گرنگە:**

١-تێڕوانینێکی فەلسەفی: بە قوڵبونەوە لە هەردو چەمکی دیۆنیزۆس و ئەپۆلۆ، لە فەلسەفەی نیتچەدا توێژینەوەکە بەشدارە لە تێگەیشتنێکی دەوڵەمەندتر لە کارە فەلسەفییەکانی، بەتایبەتی سەبارەت بە داینامیکی سروشتی مرۆڤ و داهێنان.

٢-پەیوەندی نێوان زانستەکان: توێژینەوەکە پردێک دروست دەکات لەنێوان فەلسەفە، دەرونناسی و توێژینەوە کولتورییەکان و دیدێکی گشتگیرانە دەخاتەڕو، کە چۆن بیرۆکەکانی نیچە دەتوانرێت لە بواری جۆراوجۆردا بەکاربهێنرێت.

٣-بەشداری میتۆدۆلۆژی: بە بەکارهێنانی ڕێبازی دیاردەناسی، لە توێژینەوەکەدا. کاریگەری ئەم میتۆدۆلۆژیایە لە لێکۆڵینەوەیی فەلسەفیدا نیشان دەدات، بە ئەگەرێکی زۆریشەوە ئیلهامبەخشە بۆ توێژینەوەکانی داهاتو بەمەبەستی سودوەرگرتن لە شێوازی هاوشێوە.

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت بە دوبەش:

ئامانجی گشتی: شرۆڤەکردنی بنەچەی خودا و گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ.

ئامانجی تایبەت:

١- گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ

٢- ڕەتکردنەوەی بونی خودا

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیە میتۆدی فینۆمینۆلۆژی (ڕێبازی دیاردەناسی): لەلایەکیتر بەکارهاتوە، لەم میتۆدەدا بۆ تێگەیشتن لە دەقێک، بیروبۆچونەکان دەربارەی دەقەکە پشتگوێ دەخرێن، دەقەکە دەخەینە نێو دوکەوانە، چۆن خۆی بۆ ئێمە دەربخات بەو جۆرە لێی تێدەگەین نەگ بگەڕێینەوە بۆ بیر و بۆچونی پێشینەکان دەربارەی دەقەکە. لەبەرئەو مەبەستەش زیاتر پشت بە دەقەکانی خودی نیتچە دەبەستم بەو شێوەیەی خۆی بۆمان دەردەخات. بێگومان هوسەرل دامەزرێنەری میتۆدی فینۆمینۆلۆژییە، بەڵام دواتر هایدگەر گۆڕانی تێدادەکات، فینۆمێنۆلۆجی دادەبڕێ لەوەی گەیشتنبێت بە جەوهەری شتەکان هەروەک چۆن هوسەرڵ باوەڕی وابو. لەلای هادیگەر جەوهەر بونی نییە ئەوەی هەیە بونە، بونیش چۆن خۆمان بۆ دەربخات بەو جۆرە لێتێدەگەین. ئەم میتۆدەش چەند هەنگاوی هەن کە ئەوانەن:

شیکاری وەسفکار: باسی ئەزمونی ژیان و کاریگەرییە بونگەرییەکانی هێزە دیۆنیزۆسی و ئەپۆلۆنیەکان لە ژیانی مرۆڤدا دەکەین وەک ئەوەی نیچە وێنای دەکات. پاشان تەرکیز لەسەر لایەنە دیاردەناسییەکانی ئەزمونکردنی ڕێکخستن و کایاس (پشێوی) و عەقڵانییەت و غەریزە دەکەین.

ناسینەوەی جەوهەر: پێکهاتە جەوهەریەکانی ئەزمونی مرۆڤ دەستنیشان دەکەین کە لە ژێر کاریگەری توخمەکانی دیۆنیزیۆسی و ئەپۆلۆنیدان، هەروەها لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەم هێزانە لە هۆشیاریدا دەکەین. لە دوایدا کەمکردنەوەی دیاردەناسیی ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی چەمکە پێشوەختەکانی لێبسەنینەوە و سروشتی بنەڕەتی ئەم ئەزمونانە ئاشکرا بکەین.

کۆکردنەوەی دۆزراوەکان: یەکخستنی دۆزینەوە وەسفییەکان و شیکارییەکان ئەنجام دەدەین بۆ پێکهێنانی تێگەیشتنێکی یەکگرتو لە چۆنیەتی کارلێککردنی هێزەکانی دیۆنیزۆسی و ئەپۆلۆنی و لە قاڵبدانی ئەزمونی مرۆڤ. هەروەها لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ئەم کۆکردنەوەیە بۆ تیۆرییە فەلسەفی و دەرونییە هاوچەرخەکان دەکەین.

کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری: دەقە سەرەکییەکان: ڕاڤە و شیکردنەوەی بڕگە سەرەکییەکانی بەرهەمەکانی نیتچە دەکەین بە گرنگیدان بە وەسفکردنی توخمەکانی دیۆنیزیۆسی و ئاپۆلۆنی.

دەقە لاوەکییەکان: بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە و نرخێنەرانە لە لێکدانەوەکانی زانایانی دیکەدا دەڕوانین، بەراوردیان دەکەین و جیاوازی بۆچونەکانیان لەگەڵ دۆزینەوەکانمان دەخەینەڕو.

وەسفە دیاردە ناسییەکان: پەرەپێدانی وەسفە بەڕومەت و وردەکان سەبارەت بە چۆنیەتی دەرکەوتنی هێزەکانی دیۆنیزیۆسی و ئاپۆلۆنی لە ئەزمونی مرۆڤدا، بە سودوەرگرتن لە دەقەکانی نیچە و تێڕوانینە دیاردەناسییە هاوچەرخەکان.

**پلانی توێژینەوە:**

پلانی ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی مردنی خودا و گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤە، بریتییە: لە سێ باس؛ باسی یەکەم: بنەچە و دروستبونی خودا، باسی دوەم: مردنی خودا، باسی سێیەم: گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ.

لە باسی یەکەمدا، باس لەوەدەکەین بە لای نیتچەوە خودا هەبویەکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بنەچەی هەیە و لە ئەنجامی ترس لە باپیرانی سەرەتاوە، مرۆڤ خۆی دروستیکردوە. لە باسی دوەمدا، باس لەوە دەکەین نیتچە باسی سێ جۆر مردنی خودا دەکات؛ مردنی وەهمی خودا، مردنی خودای کۆن لەلایەن خودای نوێ، مردنی خودا لەلایەن پەیڕەوانی هەمان ئاینەوە. لە باسی سێیەمدا، باس لەوە دەکەین لە ڕوانگەی نیتجە مرۆڤ هەبویەکی شکۆدارە، لە ڕاستیدا مرۆڤ دروستکارە، نەک خودا، خودا خۆیشی دروسکراوی مرۆڤە. بۆیە نیتچە گەڕانەوەی شکۆی مرۆڤ لەوەدا دەبینێتەوە، کە مرۆڤ مردنی خودا ڕابگەیەنێ.

## مردنی خودا و گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ

### باسی یەکەم: بنەچە و دروستبونی خودا

لە ڕوانگەی باودا خودا ئەو هێزەیە هیچ گومانێک لە بونی ناکرێت، هەروەها بە هەبویەکی هەر هەبوشی دەزانن پێیان وایە نە لەدایکبوە، نە دەمرێ. بۆیە گومانکردن لە خوداو پرســین لەوەی ئایا خودا هەبویەکی ڕاســتەقینەیە یان تەنها وەهمێکە مرۆڤ چێیکردوە و بە تێپەڕبونی کات بۆتە خودایەکی ڕاســتەقینە؟ بۆ خۆی کێشــەیەکی گەورە و کێشــەســازە، بۆتە هۆی موشــتومڕ و گفتوگۆی نێوان بیرمەندان و فەیلەســوفان، هەرئەمەش وای کردوە ڕای جیاجیا دەربارەی ئەم پرســە هەبێت. هەندێ لە فەیلەسـوفان و بیرمەندان، بونی هەر هێزێکی سـەرو سروشـتی جا چ میتافیزیکی بێت یان ئاینی ڕەت دەدەنەوە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە گەردون و سروشـــت بێ خودان. وەکو: فرۆید، نیتچە، هیوم...هتد. بەڵام فەیلەسوفان و بیرمەندانی ئایدیالیست، جەخت لەسەر بونی هێزێکی سەرو سروشتی دەکەنەوە. ئەو هەبوە نامرۆڤی و میتافیزیکییەش بە هەبویەکی ڕاســتەقینە و دوا هۆکاری دادەنێن و بونی هەمو شــتێک بۆ بونی ئەو دەگەڕێننەوە. هەروەها لە دینەیلە تاک خوداییەکانیشــدا جەخت لە هەبویەکی بەهێز و هەمە شــتزان دەکرێتەوە وەک بەدیهێنەری هەمو شــتێک. بەڵام بونی هەبونی میتافیزیکی جیاوازە لە هەبوی نێو ئاینی تاک خوداییەکان. ســەرەڕای جیاوازی بیروڕای میتافزیکســتەکان دەرباری چەمکی خودا، بەڵام هەمویان لەســەر ئەوە کۆکن خودادا لە هیچەوە شــتەکان بەدینایەنێت، چونکە ئەوە دەبێتە شــتێکی نالۆجیکی. هەروەک ئەرستۆ دەڵێت: مەحاڵە پرۆســەی پەیدابونی

شتێک لە هیچەوە دەستپێبکات. چەند بەشێک لەو شتەی پەیدابوە لە پێشتر هەبوە. ئەستۆ (مادده) بەشێکە لە بونی هەمو شتێک و لە پێشتر هەبوە. بەڵام ئایا بنەڕەتەکانی پێناسەش بۆ ئەو شتانەی لە پێشترن هەبون؟ پێناسەکردنی شتێک بەبێ گەڕانەوە بۆ توخمەکانی دروست نییە، ئێمە دەڵێین ئەڵقەکە لە برۆنز دروستکراوە. ئەم دەستەواژەیە، ئاماژە بۆ دوشت دەکات (برۆنز) کە بوە بە ئەستۆیی ئەڵقەکەو شێوەیی ئەڵقەکەش. کەوابو ئەڵقە برۆنزییەکە لە پێناسەدا چەند توخمێکی لە پێشتری هەیە. (ئەرستۆ، میتافیزیک، بەشی زیتا، ١٥١) بۆ ئەوەی ئەلقەی برۆنزی دروست بکەین پێویستمان بە برۆنزە بەبێ برۆنز ناتوانین ئەلقەکە دروست بکەین. ماددەش بۆ ئەرستۆ شتێکە دانەهێنراوە و هەر هەبوە، بەڵام شێوەی پێدراوە. هەرچەندە گۆڕانی بەسەر دادێ، بەڵام کۆتایی نایە چونکە ماتریاڵ سەرەتایی نییە و بۆیە کۆتایشی نییە. ڕاستە ناتوانین بەبێ برۆنز ئەڵقەی برۆنزی دروست بکەین، بەڵام برۆنز خۆیی ناتوانێ شێوە بە خۆیی بدات، بەڵکو دەبێت وەستایەک هەبێت ئەو شێوەیەیی لەسەر بنەخشێنێ چونکە "ئەستۆ توانانییە خۆی بجوڵێنێت. دارتاش کار لەسەر تەختە دەکات و دەیگۆڕێت. (هەمان سەرچاوە، بەشی لامبدا، ٢٥٨) بەم شێوەیەش ئێمە بۆ بۆ بونی شتەکان پێویستمان بە شتێکی مادی و شتێکی نامادیی هەیە تا گۆڕان دروست ببێت و شێوە بە شتەکان بدرێت. "ئەوەی دەجوڵێت، شتێکی دیکەش دەجوڵێنێت، لەم پرۆسەیەدا دەکەوێتە ناوەڕاستەوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی جوڵێنەرێک [بۆ ئەو پرۆسەیە] دەبێ هەبێت، کە خۆێی جوڵێنراو نەبێت و بونێکی هەمیشەیی هەبێت و جەوهەر و کردەکیش بێت. (هەمان سەرچاوە و بەش، ٢٥٩). ئەم جوڵێنەرە نەبزۆکە، کە بەلایی ئەرستۆوە دوا هۆکارە هەرگیزاو هەرگیز شتەکان بە دەبێت و نابێت ناهێنێتە دی و لەناویشیان نابات، بەڵکو ئەو جەوهەرێکی فۆرمییە و لە ڕێگەی فۆرم پێدان بە جەوهەری ماددی شێوە بە شتەکان دەدات و شتەکان دێنە بون، بەڵام جەوهەری ماددی لەلایەن جوڵێنەری نەبزۆک بەدینەهاتوە، بەڵکو ئەو بۆخۆیی هەبوە و هیچ شتێک بەدینەهێناوە، لایی ئەرستۆش جەوهەر ئەو بونەیە، کە نابێت بە بار، بەڵام هۆیە بۆ بونی شتێکی دیکە (هەمان سەرچاوە، بەشی دێلتا، ١٠٩) جەوهەری مادیش هیچ شتێک بەدینەهێناوە بار نییە بۆ شتەکان بەڵکو بارهەڵگرە بۆیە جەوهەرە، بونی شتەکانیش بە ستراوەتەوە بە بونی ئەو دو جەوهەرە. جوڵێنەری نەبزۆک بەبێ بونی جەوهەری ماددیی ناتوانێ شتەکان بێنێتە بون. چونکە بۆئەوەی فۆرم بنەخشێ پێوستە ماتەر هەبێت. ئەو خودایە وەکو دارتاش وایە، دارتاش بۆ ئەوەی کورسییەک دروستبکات پێویستی بە چەندین کەرەستەی وەکو دار و تەشوێ و بزمار...هتد، هەیە بۆ ئەوەی کورسییەکە دروستبکات، چونکە هەرگیز دارتاشەکە ناتوانێ بەبێ ئەو کەرەستانە لە هیچەوە کورسی دروست بکات. ئەمر بکات بڵێ کورسی دروست ببە دروست ببێت .ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ ئەرستۆ نالۆجیکی و نەکردەیە خودا لە هیچەوە شتەکان بەدیبێنێت. چونکە لە هیچەوە هیچ شتک بەدینایەت، خوداش بۆ ئەوەی شتەکان بێنێتە دی پێویستی بە جەوهەرێکی دیکە هەیە. بەڵام خودا لەنێو ئاینە تاک خوداییەکاندا بە کونفەیەکونێت شتەکان بەدیدەهێنێت. هەروەک چۆن لە قورئاندا چەندین جار ئاماژە بە دەسەڵاتی ڕەهای خودا دەکرێت، کە چۆن بە کونفەیەکونێک شتەکان لە هیچەوە دەهێنێتە بون. " فَإِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ" (قورئان، سورة غافر، ئایەتی ٦٨)کون فەیەکون" ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی ڕەها و بێسنوری خودا. خودا پێویستی بە هیچ ماددەیەک یا هیچ ڕەگەزێکی سروشتی نییە تا لە ڕێگەیەوە شتەکان دروست بکات، بەڵکو خۆی ڕەها یە، هەر ئەوەندە بەسە بڵێ: "ببێ" ئەوا بێ "سێ و دو" دەبێت، کە ئەمریش بکات بڵێ نەبێت، ئەوا هەرگیزاوهەرگیز نابێت. ئەمەش جیاوازی نێوان خودای نێو ئاینە ئاسمانییەکان و میتافیزیکییەکانە .

بەڵام پێویستە ئەوەش بخەینەڕو كە سەرەڕایی جیاوازی هزری میتافیزیكستەكان دەربارەی چەمكی خودا لەگەڵ باوەری ئاینی خۆشیان بیریان دەربارەی خودا جیاوازە بۆ نمونە: لەڕوانگەی ئەرستۆدا جیهان هەرگیز خەڵقنەكراوە، بەڵكو لە جەوهەری خویدا ئەزەلییە. ئەرستۆ ئەو شتەی جوڵە دەخاتە كائینانەوە بە جوڵێنەری یەكەم ناودێری دەكات كە بەلای ئەوەوە باڵاترین خودای نادیار (نەناسراوە) و تەواو جیاوازە لە خوداوەندە جۆربەجۆرەكانی یۆنان، لەوانە زیئۆس، هیرا، ئافرۆدیت و ئەپۆلۆن. هۆكاری هەر جوڵەیەک جوڵێەری نەبزۆكە، بەڵام ئەو خۆی دەست لە ڕوداوەكان وەرنادات، بەڵكو بەردەوام سەرقاڵی بیركردنەوەیەكە كە خۆی بابەتەكەیەتی. بە پێچەوانەو پیشەگەری پیرۆزی ئەفلاتون گایانبەخشێكە كە فۆرمە نمونە ئەزەلییەكان كۆپی دەكات. ئەم بۆ چونە لە بەڵگاندنێک دەچێت كە لە كۆماردا باسی دارتاشسێک دەكات. كە بۆ دروستكردنی كوررسییە جیاواز و تەواو مرۆییەكانی خۆی، لاسایی ئایدیایی كورسی دەكاتەوە، ئەڵبەتە خوڵخێنەری جیهان پێگە و جێگەیەكی باڵاتری لە دارتاشێ هەیە، بەڵام لە ئەو سەربەستتر نییە. فۆرمەكان هەمیشە لە سەروی ئەو شتانەوەن كە ئەو دروستی كردون. (سڤێن، ٢٠٠٦، ٩٤). لای ئەرستۆ خودا جەوهەری فۆرمییە، جیهانی دروستنەكردوە، تەنیا جوڵەی پێداوە، كاری بەسەر ڕوداوەكانەوە نییە و چاودێر نییە بەسەر ژیانەوە بەڵام لای پلاتۆن خودا كۆپیكارە، لە ڕێگەی كۆپكردنی ئایدیاكانەوە جیهان و شتەكانی نێوجیهان دروستدەكات. بەڵام پێچەوانەی ئەم دو شێوازە، نیتچە بۆچون و ڕوانینی هەر یەكە لە دینەیلە ئاسمانییەكان و ئایدیالیستییەكان ڕەتدەداتەوە. خودادا وەک بتی سەرەكی دەبینێت، تێكشاندنی ئەو بتەش بە خاڵی سەرەكی دەبینت بۆ تێكشكاندنی بتەكانی تر، چونكە دواجار شكاندنی كۆیی بتەكانی تریش بە جۆرێک لە جۆرەكان پەیوەستە بە تێكشكاندنی ئەو بتەوە. خودا لە فەلسەفەی نیچەدا بنەچەی هەیە و مرۆڤ خۆیی چێكەریەتی، نەک هێزێكی بانسروشتی و میتافیزیكی ڕاستەقینە بێت بون و شتەكانی بەدیهێنابێت و هەبوەكان پەیوەستبن بە بونی ئەوەوە. بە تێڕوانینی نیتچە لەسەرەتاكانی مێژوی مرۆڤ لەنێو كلان و هۆزەكاندا سەروەرێک ڕۆڵی باڵای بینیوە. تاكەكانیش خۆیان بە قەرزداری ئەو سەروەرە زانییەوە، چونكە ئەوەی ڕۆڵی سەرەكی بینیوە لە دامەزراندنی هۆزدا سەرۆكی نێو هۆزبوە. پاشان بەرەبەرە ئەو قەرزە لەسەر یەک كەڵەكە دەبێت، تا ئاستێک دانەوەی ئەو قەرزە دەبێتە كارێكی مەحاڵ، لێرەش ترس لەو باپیرە سەرەتاییە سەرهەڵدەدات، "لە ئاكامیشدا باپیرە سەرەتاییە هەرە بەهێز و بە دەسەڵاتەكانی هۆز لە كۆتایی لە میانەی خەیاڵكردنی ترسی كەڵەكە بودا، وایان لێكراوە شێوەو فۆرمی قارەمانی ئەفسانەیی وەربگرن و بخرێنە نێو تاریكایی و تەنیایی خودایانەی واكە وێنا ناكرێت. دیارە لەم حاڵەتەدا باپیرە گەورەیی یەكەم شێوە و فۆرمی خودایی وەرگرتوە. "(نیتچە، ١٨٨٧، ١٥٨). بەمجۆرە خودا لە ئاكامی قەرز و ترسی كەڵەكە بوی باپیرانی سەرەتاوە سەریهەڵداوە و بنەچەیی هەیە، هەر لە خۆیەوە خودا دروست نەبوە، یان خودا بەو جۆرە نییە كە میتافیزیكستەكان و ئاینە ئاسمانییەكان باسی لێوە دەكەن. خودا ڕەگێكی مێژویی هەیە و لە نێو مێژودا ڕویی داوەوە. هەرچەندە نیتچە پێمان ناڵێ چۆن ئەو خودایە گۆڕاوە بۆ خودایی نێو ئاینە ئاسمانییەكان و میتافیزیكسەكان. بەڵام ئەم جۆرە خودایەی ئایدیالیستەكان و ئاینەكان باسی لێوە دەكەن ڕەت دەداتەوە و بەلای ئەوەوە هیچ خودایەک بەشێوەیەكی ڕاستەقینە بونی نییە. چ خودای كۆن، چ خودایی تازە. یان بەمانایەكی تر چ خودایی فەلسەفی، چ خودایی ئاینی ڕاستەقینەنین وەک شتەكانی نێوجیهان، بەڵكو ئەوەی هەیە وەهمێكە وەک ڕاستەقینە لێدەڕوانن. "خودا وەهمە و هیچی تر: بەڵام ئەز دخودازم وەهم و خەیاڵتان لە سنوری بیراندن دابێ"(نیتچە، ١٨٨٣، ١٠٩) بەڵام كاتێ وەهم و خەیاڵ لە ئاستی بیراندن تێپەڕن، شێوەیەكی ئەفسانەیی و خوڕافی وەربگرن، دەبن بە ژەهر و كارەساتێكی گەورە بەسەر مرۆڤەوە، هەروەكو چۆن وەهمی خودا كە بۆتە شتێكی واقیعی و ڕاستین، لە بنەڕەتیشدا ترس لە باپیرانی سەرتا ئەو وەهمەی چێكردوە، مرۆڤی بەرە و كۆیلەتی و نامۆیی بە خۆی

بردوە و تا ئاستێک بیری مرۆڤی گەناندوە .ئیدی خودا وەک هەبوبوبەک لە دەستکردی مرۆڤ زیاترنییە .(فارس، ٢٠٠٧، ١٢٤). ئاخ برایینە! ئەو خودایەش کە من خولقاندم، وەکو هەمو خودایان، دەسکردی مرۆڤ و کەریەتی مرۆڤ بو"(نیتچە، ١٨٨٣، ٤٨) بەمجۆرەش خودا، هەر مرۆڤ خۆیەتی لە سروشتی خۆی داماڵراوە، شێوەیەکی ئەفسانەییان پێداوە و پاشان ئەو شێوە ئەفسانییە بۆتە خودایەکی بەهێز، هەمە شتزان، کەریەتیی مرۆڤ تا ئاستک ڕۆیشتوە بۆتە خودا .

لەگەڵ ئەوەی نیتچە بنچەی خودامان بۆ ڕون دەکاتەوە و پێمان ئێژێ خودا وەهمەوە. بەڵام هەر لەو ڕێگەیەوە نەبونی خودا ناخاتەرو بەڵکو لەلایەکی تریش لە ڕێگەی نا تەکوزی(نەزم)ی گەردون و ئاسمان پێمان ئێژێ هیچ دروست کەرێکی ئاوەزی و ڕێکخەر بونی نییە وەک چێکەر و خولقێنەری گەردون. وک خۆی ئێژێ:"ئەی ئاسمانی سەر سەرم، ئەی پاکترین! ئەی بەرزترین! ئێستا پاکی تۆ بۆ من لەوە دایە کە هیچ جولێکەرێکی ئەقڵی ئەزەلی و، هیچ داوێکی داوتەنکە لە کارا نییە"(هەمان سەرچاوە، ٢٠٦) بەمشێوەیە بە پێچەوانەی ئەو بیرمەند و کەسانەی گەردون و ئاسمان بە تەکوز و ڕێکوپێک دادەنێن و پێیان وایە گەردون بە شێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکخراوە، بونی نارێکی لە گەردون ڕەتدەدەنەوە، و بە جۆرێک نەنگی دەزانن. ئەم ڕێکی و ئەندازەییەی گەردونیش دەگەڕێننەوە بۆ هەبویەکی بە دەسەڵات و ئەندازەساز، هەروەها دەیکەن بە بەڵگە بۆ بونی. چونکە پێیانوایە ناکرێت ئەم تەکوزییەی گەردون لە خۆیەوە هاتبێ، هەروەک چۆن پلاتۆن وەها تێڕوانینێکی هەبو" دەبێژێت: گەردونی ڕێکخراو جوانترینی سەرجەم شتە دروستبوەکانە، بەڵام لەبەر ئەوەی جوانترینە ئەوا دەبێت خودای ڕێکخەر لە کاتی ڕێکخستنیدا ئاوڕی لە بونی ئەزەلی، واتا لە ئێدێی (ئایدیای) گەردون دابێتەوە هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەروێنە(کۆپیکراوەکە) ڕێکخراوەکە هێندە کامڵ سەرجەمییە و هاوکات بە دەرون و ژیان تەنراوە. هۆی ئەم ڕێکخستنەش بۆ چاکی خودا دەگەڕێتەوە. چونکە لەبەر ئەوەی خودا چاکە، ئەوا نەشیاوە لە ئەو بەخیلی(فتۆنۆس) بوەشێتەوە هەر بۆیە ویستویەتی کە گەردونی دیار هەتا ڕادەی شیان لە خۆی بچێت(Hollingdale,1999, 123) . نیتچە بە پێچەوانەوە ئاسمان و گەردون بە ناتەکوز و شێوەیەکی نائەندازەیی دادەنێت. بەلایی ئەوەوە جیهان ڕێکنەخراوە و هیچ ئەندازیارێک لە گۆڕێ نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە بەلایی ئەوەوە هەڵکەوت و ڕێکەوتە. هیچ نە فرین و کفرێکیش لەوەدا نییە ئاسمان و گەردون بە ناتەکوز ببینین بەڵکو نەفرین و کفر لەوەدایە ئێمە ئاسمان و گەردون بە شێوەی ئەندازەیی و ڕێکوپێک ببینین. پێمان وابێ ئەم ڕێکوپێکی و ئەندازەییە مەبەست دارانەیە و هێزێک لە پشتییەوە. بەڵام نەخودایەک لە گۆڕێیە نە هیچ شەیتانێک، بەڵکو ئەوەیەی هەیە ڕێکەوتە. "ڕێکەوتی خاوەنشکۆ ئەمە کۆنترین بەگزادەی جیهانە، من ئەم ناوەم بە هەمو شتێک دایەوە، بەمجۆرە لە کۆیلەتی قەست و مەبەست ڕزگارم کردن. "(نیتچە، ١٨٨٣، ٢٠٦) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ مادامەکی خودا وەهمە، هەقیقی نییە بەو شێوەیەیی میتافیزیکستەکان و ئایینداره ئاسمانییەکان باسی دەکەن و لێدەڕوانن. ئەوەی هەشە ڕێکەوتە. تشتێک نامێنێ بە ناوی مەبەستداریی گەردون و ژیان. چونکە تەنها ئەوکاتە دەتوانین بڵێین ژیان و گەردون مەبەستدار و ئەندازەییە، کە ئەندازیارک لە پشتیەوە بێ و جاجاڵۆکە ئاسا تەون بچنێ، بەڵام کاتێ وەها خودایەکی جاڵجاڵۆکە ئاسا بونی نییە، تەکوزیانە ئاسمان و گەردون چێبکات ئەوا تشتێکیش نامێنێت بە ئەندازەیی و مەبەستداری گەردون و ئاسمان، بەمەش مرۆڤ ڕزگاری دەبێت لە وەهمی خودایی ئایدیالیستان و هەبویەکی ئەندازیار، هەروەتر لە ترس و خۆف و سزایی خودای دینداران. (Young, 2010, 289)

## باسی دوەم: مردنی خودا

لەم باسەدا باس لە جارڕدانی مردنی خودا دەکەین. لەم پرسیارەشەوە دەچینە باسەکەمان. ئەگەر خودا وەهم بێت و بونی نەبێت کەوایە چۆن دەمرێت، یان چۆن دەکرێت باس لە مردنی خودا بکەین کاتێ بونی نەبێت؟ ئەگەر بەشێوەیەکی ڕوکەشی لە پەیوەندی ئەو دو ڕستەیە تێبگەین (خودا وەهمە، خودا مرد) ئەوا توشی هەڵە دەبین. چونکە ڕاستە ناکۆک خۆیان دەدوێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دو ڕستەیە دژ و ناکۆک نین بەیەک بەڵکو تەواوکاری یەکترن و یەکتر تەواودەکەن. "چونکە بانگەشەی ڕوخاندنی ئەم ڕاستیە نا -میتافیزیکییە لەناوبردنی شتێکی هەبو نییە. پوچ کردنەوەی نەبویەکە، کە لە میتافیزیکی ڕوناکبیندا بوە بە بناخە بۆ بون و زانین و بەهاکان. نیتچە لەگەڵ مردنی خودادا ئاماژە بۆ نەبونی ئەو بونە دەکات. (کەمال، ۲۰۰۹، ٦٧). ڕاگەیاندنی مردنی خودا لە فەلسەفەی نیتچە دا پەیوەندی بەو وەهمەوە هەیە، کە وەک ڕاستەقینە و ڕیاڵێکی میتافزیکی لێیڕوانراوە، نەک بەو مانایەیی خودا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بونی هەبێت و مرۆڤ یا ئوپەرمرۆڵ هەوڵی کوشتنی بدات. بەمانایەکی تر مرۆڤ یاخی نەبوە لە خودا و چوبێتە جەنگەوە لەگەڵیدا هاوشێوەی جەنگی نێوان دو پاڵەوان، لەو جەنگەشدا مرۆڤ خودایی کوشتبێ و زاڵبوبێ بەسەریدا. چونکە ئەگەر بەو جۆرە لێی بڕوانین ئەوا بونی خودا وەک شتێکی ڕاستەقینەی لێدێت، بەجۆرێک ئەم شێوە لێڕوانینە دەبێت بە دانپێدان بە بونی خودا وەک هەبویەکی ڕاستەقینە. ئەوەش ناکۆک دەبێت بە فەلسەفەی نیتچە چونکە نیتچە خودا بە وەهم و نەبو دادەنێ .بەڵام نیتچە مەبەستی لە مردنی خودا، مردنێکی فیزیکی نییە، بەڵکو مەبەستی مردنی ئەو وەهمەیە کە وەک ڕاستەقینە لێیڕوانراوە و بۆتە هەبویەکی حەقیقی. (Magnus&Higgins, 1996, 142) وەک خۆی دەڵێ: ئەو خودایەی مرۆڤ بو و تەنیا تۆزێک لە من و لە مرۆڤ دەچو: ئەم تاپۆیە لە ناخی ئاگر و خۆڵەمێشی منەوە بەرەو من هاتبو، هەر بەڕاستی لە ئاسمانەوە نەهاتبو براینە چی ڕویدا؟ من بەسەر خۆمدا، بەسەر ڕەنج و ئازارم دا سەرکەوتم و خۆڵەمێشی خۆم هەڵگرت و چوم بۆ چیا. لەوێ مەشخەڵێکی ڕونم بۆ خۆم دیتەوە و بەمجۆرە تارمایم تاراند! (نیتچە، ۱۸۸۳، ٤٩). بۆیە نیچە دەیهەوێ ئەو بتە وەهمیە تێکبشکێنێت و مرۆڤ بە توانا و ویستی خۆی ئاشبکاتەوە. ئەوە لە مرۆڤ بگەیەنێ ئەو چێکەری خودایە نەک خودا چێکەری ئەو بێت، تشتک لە ئاسمانەوە نەهاتوە، لە ناخی خۆیەوە یا باشتر بێژین لە ترسی خۆیەوە وەها تاپۆ و خودایەک دروست بوە. بەمەش دەیهەوێ مرۆڤ بگەیەنێتە ئەو ئاستەی بۆ ئەوەی خۆی وەک مرۆڤ ببینێ، پێویستە ئەو وەهمە بکوژێ و جارِی مردنی خودای وەهمی بدات. بەهای نوێ و ژیانی دروست بکات وکۆیی ئەو بەها دینی و میتافیزیکیانە بخاتە لاوە. (Kaufmann, 1974, 287)بەڵام ئەو کارە لە توانا و ویستی هەموکەسێکدا نییە، هەموکەسێک ناتوانی بچێتە چیا و خودا بتارێنێ تەنیا زەردەشت و ئوپەرمرڤ نەبێت، هەربۆیە نیچە دەڵێت:" بەڵام، ئەوە من لێرەدا چیم گوت؟ بەسە بەسسە! لێرە لەم شوێنگەیەدا شتێک هەیە پێویستە لەسەرم، بێدەنگ بم: یا بانگەشەی شتێک بکەم گەنجانەتر بێت" ئاییندەیەکی زیاتری هەبێت"، لە من بەهێزتر بێت، ئەو ئازادە ئەم کارە دەکات یا نایکات، شتێک تەنها زەردەشت ئازادە لە ئەنجامدانی، زەردەشت کە هیچ خودایەکی نییە"(نیچە، ۱۸۸۷، ۱۷۳). ڕاستە وەها کارێک "ڕاگەیاندنی مردنی خودادا" کارێکی قورس وگرانە، مێژوی خودا و ئاین، مێژویەکی دور و درێژە. هەر لە زوەوە مرۆڤ ئاینی چێکردوە، بەجۆرێک ڕەگی لەنێو مرۆڤدا داکوتاوە، بە ئاستێک گەیشتوە کە قسەکردن وگومانکردن دەربارەی بۆتە کارێکی نەکردە و دەست وێرانە گەیشتو ، تا ئاستی تاپۆ. بەڵام ئوپەرەمرۆڤ توانایی وەها کارێکی ئەستەمی هەیە و دەتوانی مێژوی چەندان ساڵەی ئاین و میتافیزیک هەڵماڵێ، پێمان بێژێ خودا وەهمە، خودا بکوژن، خودا مردوە، لەبەرئەوەی ئەو ئازادە و زانایە دەزانێ خودا بنەچەی هەیە. ئەوە هەبوەی بە خوداش دانراوە وەهمە و حەقیقی نییە .هەروەها ئەوەی هەشە ڕێکەوتە و هیچ خودایەکی تەونکەر لە ئارادا

نییە. لەلایەکی تریش ئەو شێر ئاسا هێرش دەبات بەهاکان تێکدەشکێنێ و یاخییانە خودایی وەهمی، دەکوژێت و جاری مردنی ڕادەگەیەنێ. یانی زەردەشت تەنیا زانا نییە درۆ و وەهمی خودا بخاتەڕو، بەڵکو دلێر و بوێریشە، سەرەڕایی بونی مەترسی لەنێو ئاپۆرە جاری مردنی خودا دەدات. بە ئاگری پرتین چیا ڕۆشن دەکاتەوە تا ببینین لە ئاسمان هیچ تارماییەک، خودایەک بونی نییە .

جگە لەم شێوەیەی مردنی خودا (وەهمە خودا یا خودای وەهمی)، نیتچە باسی دو شێوەی دیکەی مردنی خودا دەکات ئەوانیش بریتین: لە کوشتنی خودای کۆن لەلایەن خودای نوێ، هەروەها کوشتنی خودای نێو یەک ئایین لەلایەن شوێنکەوتەکانییەوە. بەڵام ئەم شێوە مردنانەی خودا، پوچەڵکردنەوەی خودا نین وەک ڕاگەیاندنی مردنی وەهمی خودا، بەڵکو مردنی خودا یەکە و هاتنی خودایەکی ترە یانی خودایەک دەمرێت، خودایەکی تر جێگایی دەگرێتەوە .بۆ ئەوەی خودای نوێ بێت پێویستە خودای کۆن بمرێت یا نەفی بکرێت. سەبارەت بە مردنی خودای کۆن لەلایەن خودای نوێ ئەمە زۆر جار لە مێژودا ڕویداوە. وەکو چۆن کاتێ مەسیح دێت خودای کۆن دەکوژێت. خودایەکی نوێ لە دایک دەبێت. "چونکە لە ڕابردودا، خودا هەر تەنیا میللەتەکەی خۆی هەبو (میللەتێکی هەڵبژێردراو)، بەڵام دوای ئەوە ڕێگاکانی جیهانی نامۆ، نامۆ وەکو میللەتەکەی خۆی، ڕوەو خەڵکانی نامۆو بێگانە ڕۆیشت، لەم کاتەوە ناتوانین لەیەک شوێندا جێگیرببێت، تاوەکو ماڵەکەی کەوتە هەمو شوێنێکی جیهان، هەمو شوێنێک بو بە ماڵی ئەم. ئێستا ئەم، لە هەمو لایەکەوە بۆتە گەورەترین هاوواڵاتی جیهانی (نیتچە، ١٨٨٨-١، ٤٩)، بەجۆرێک خودای مەسیحیەت دەبێتە خودای گشت جیهان بەڵام خودای کۆن خودای یەک گەلە ئەم خودایە (خودای کۆن) هاوکار و پاڵپشتی یەک گەل دەکات، یانی خودایەکی تایبەت بە گەلێکی دیاریکراوە، خودای هیچ گەلێکی تر نییە، بەڵام خودای مەسیح خودای هەمو خەڵکە تایبەت نییە بە یەک نەتەوە و ڕەگەزێک، خودادایەکی جیهاننییە. وەکی مەسیح خۆی ئێژێ: منم ڕوناکی جیهان، ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات، بەڵکوڕوناکی ژیانی دەبێت (ئینجیلی پیرۆز، یوحەننا، ٨، ١٢) بەمەش بە هاتنی مەسیح، خودای نوێ لە دایک دەبێ. خودایەک دەیهەوێ جیهان ڕوناک بکاتەوە و ڕزگاری بکات، چونکە خۆی بەخودای هەمو جیهان دەزانێ نەک وەک خودای کۆن تەنیا خۆی بە خاوەنی گەلێک بزانێ، هەر لەبەر ئەمەش ئەم خودا نوێیە خودای کۆن لەگۆڕدەنێ .لەم شێوەدا خودایەک خودایەکی دیکە دەکوژێ و ئاینێکی نوێ ڕادەگەیەنێ. سەبارەت بە کوشتنی خوداش لەلایەن شوێنکەوتەکانی یەک ئاین، نیتچە باس لە قوتابییەکانی مەسیح، بەتایبەتیش قەشە پۆلس دەکات کە چۆن دوای لە خاچدانی مەسیح، مەسیح دەکوژێت و خودایەکی نوێ دەخولقێنێ، خودایەک پێچەوانەی مەسیح ڕق و کینی هەیە و تۆڵە دەکاتەوە. مەسیح تۆڵە ناکاتەوە دژی شەڕانگێزییە، ئەو بەجۆرێکە لە نەیەرانیشیـ خۆش دەبێت، وەکو نیچە دەڵێت: کەسایەتی مەسیح بە جۆرێکە، هیچ جۆرە بەرگرییەک لەخۆی ناکات، تورە نابێت، سوکایەتی بەکەس ناکات، بەرپرسیارێتیش ناخاتە ئەستۆی هیچ کەسێ. تەنانەت بەرەنگاری شەڕخودازیش نابێتەوە، بەڵکو خۆشی دەوێت و خۆشەویستی پێدەبەخش (نیچە، ١٨٨٨-١، ١٠٤) مەسیح ئاوا کەسێکە دژی شەڕخوداز نییە، بەڵکە دژی شەڕانگێزییە، وەکو چۆن یارانی خۆش دەوێت، ئاواش نەیارانی خۆش دەوێ یانی ئەو کەسێکە تەواو دژی ڕق و کینە، دەهوێ بیسڕێتەوە. بەڵام یارانی پێچەوانەی ئەو ڕق و کین دەژێننەوە، چونکە بە دڵنیاییەوە دیارە ئەم گروپە بچوکە (قوتابییەکانی مەسیح (لە بنچینەی پرسەکە تێنەگەیشتوە: مۆرکی ئەم نمونەیەی کە مەسیح لە میانەی مردنی خۆیەوە دایمەزراندوە، ئازادی و باڵابون بەسەر هەستکردن بەسەر هەمو جۆرە ڕق و قینێک. ئەوەش ئاماژەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان- قوتابی و هاوڕێکانی - بەگشتی چەند کەم لێی تێگەیشبون! مەسیح نەیویست لە میانەی مردنی خۆیدا هیچ شتێک بسەلمێنێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێنماییەکانی خۆی بخاتە

بەرناخۆشرین و سـەخترین تاقیکردنەوە. بەڵام قوتابییەکانی زۆر دوربون بتوانن لەم مردنەی مەسـیح خۆشـبن. (هەمان سـەرچاوە، ١١٧) لە ڕوانگەی نیچە مردن و ژیانی مەسـیح لێکجیاناکرێتەوە. ئەو بە مردنەکەی پێمان دەڵێ: دەبێ دژی، شـەڕانگێزی بین نەک شـەڕخوداز یان ئەوانەی پێیان دەوترێ نەیار، لە بۆیە ئەو ئەوانەش دەبەخشێ کە ئازاریان داوە. بەڵام خۆیندکارانی ئاوا کار ناکەن ئەوان دێن مەملەکەتی خودا وەکو کۆتاییەک، وەکو بەڵێنێک، کە بە پێچەوانەی ئینجیلەوە، بو دەکەن بە مەملەکەتی واقعی. لەم چرکەساتەوە، وێنەی مامۆستا پڕ دەکرێت لە هەمو هەستێک بەرق و قین بەرامەر بە فەریسی و لاهوتییەکان. بەوەش مامۆستایان کردە فەریسی و لاهوتی (هەمان سـەرچاوە، ١١٨) لێرەوە وێنەیەکی جیاواز لە وێنەی مەسـیح چێدەبێ، لە کەسـێکی دژە کینەوە دەبێتە کەسـێکی کینەدا، نیچە وتەنی فەریسی و لاهوتی، چونکە ئەوە فەریسی و کاهینە لاهوتییەکان بون ڕقیان لە مەسـیح بو، نە مەسـیح، سـەرەڕایی ئازارچەشـتن بە دەسـتیان ڕقی لێیان نەبو ئەو دژی خودی ڕق و کین بو نە فەریسی و لاهوتیان. بەڵام هاوەڵانی مردنی مامۆسـتایان بۆ قوت ناچێ لە دوایی لە خاچدانی مەسیح، دژی فەریسی و کاهینەلاهوتییەکان دەوەستەنەوە، ئەم جار لە جیاتی ئەوەی وەک مامۆسـتاکەیان خۆشـیان بوێن دێن، ڕقیان لێدەبنەوە و بە دوژمنی خۆیانیان دەزانم، لە بۆیە نیچە دەڵێت: "خودا وەکو ئەوەی پۆڵس بڕوای پێی هەبو و دایهێنا، بریتییە لە ئینکارکردنی خودا خۆی"(هەمان سـەرچاوە، ١٤٢) چونکە ڕاستە ئەم خودایە، لەژێر ناوی مەسیحە، بەڵام جیاوازە، لە مەسیحی ڕاستەقینە، مەسیح لە نەیارانیشی خۆش دەبێت، بەڵام ئەم خودایەی پۆڵس و خوێندکارانی مەسـیخ دەیخوڵقێنن دژی نەیاران دەوەسـتێ یان خودایەکی ڕقاوییە، لەم شـێوەیەدا هەردو خودا یەک ناویان هەیە، بەڵام دو ناوەڕۆکی جیاواز، بەمشـێوەیەش نیتچە پێمان دەڵێ: خودا یەک شـێوە و یەک جۆر نییە، چەندین خودا بونیان هەیە وەلێ هەمویان دروسـتکراوی مرۆڤن. خودای عیسـا جۆرێکە و خودای پۆڵس جۆرێکی تر. لە بۆیە نیتچە ئێژێ: من هەمو ئەو پەیڤانە کە خودا بەتەواو و تاقانە، تێر و نەگۆڕ و مایندە دەبینن، بە شەڕ و دوژمنی دەزانم (نیچە، ١٨٨٣، ١١١) چیدی خودا ئەو هەبوە تاقانە و نەگۆڕە نییە، پێمان وابێ یەک خودا هەیە و تەواو، بەڵکو چەندین خودای جیاواز هەن، هەر یەکەشـیان ئامانج و مەبەسـتێکی جیا لەوی تری هەیە خودای کۆن خودای یەک گەل بو، هاوکاری ئەو گەلەشی دەکرد، بەڵام خودای نوێ خودای هەمو جیهان و هامکاری هەموکەسش بو، ئاینی خۆشەویستی بو، هەروەتر خودای پۆڵس خودای ڕق بو (بدوي، ١٩٧٠، ٩٢). بۆیە لەڕوانگەی نیتچە ئەوەی خودا بە نەگۆڕ دەزانێ، درۆ دەڕێسێ و وەهم دەچێنێ. باشـترین کارێکیش ئەوەیە وەکی زەردەشـت پێمان ئێژێ: خۆتان دەتوانن خودایەک بخوڵقێنن؟ کەوایە لەمەڕ خودایان بێ دەنگ بن! دەتوانن زەفەر مرۆڤ (ئوپەرەمرۆڤ) بخوڵقێنن!(نیتچە، ١٨٨٣، ١٠٩) خودا چێکراوی مرۆڤە و لەوە زیاترنییە، بۆیە باشـتر ئەوەیە وازی لێبێنین، بیکوژین، لەجیاتی ئەمە هەوڵی ئەوە بدەین ئوپەڕەمرۆڤ بخوڵقێینێن، مرۆڤێک بەرزتر لە خودا و کاهینان. لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین لە ڕوانگەی نیتچە خودا وەهمە، لەوە زیاتر نییە، ئەو وەهمەش ناوی جیاجیا و مانایی جیاجیایی پێدراوە. (کرم، ١٩٣٦، ١٦٨).

## باسی سێیەم: گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ

لە فەلسـەفەی نیتچەدا سـان و شـکۆیی مرۆڤ و ماناداربونەوەی ژیان، بەشـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەندی بە ڕاگەیاندنی مردنی خوداوە هەیە. نیتچە خودا وەک بەربەستی سەرەکی دەبینێ لەمەر لەوازی و لە خۆنامۆبونی مرۆڤ. لەم بارەیەوە ئێژێ: من بەخیلی بە ستاندال دەبەم، ئەو باشترین تەشەری ئاتەئیستی کە تەنیا من دەمتوانی بیخوێنم، لێ ڕفاندم: تاقە دەلیل بۆ ئەوە کە مرۆڤ خودا ببەخشێ، ئەوەیە کە خودا نییە". . . ئەمن خۆم جارێکیان وتومە: تا ئێسـتا گەورەترین دژایەتی لە دژی ژیـان چ بوە؟ خودا...(نیچە، ١٨٨٨-٢، ٥١) چمـا؟ چونکە خودا چ لە ڕوانگەی میتـافیزیکی و چ لە

بڕوایی ئاینیدا ئەو هەبوەیە کە هەمو تشتێک بۆ بونی ئەو دەگەڕێتەوە، بەڵام کاتێ مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕە و ڕاستییەیی خودا وەهمە و بونی نییە. ئیدی هۆیەکی بە دەسەڵات و ئاوەزی نامێنێ بونی بەوەوە گرێدرابێ، نە سەروەرێکی باڵاش هەڕەشەی لێبکات و بیخاتە نێو چوارچێوەی سزا و پاداشتەوە. بەڵکو مرۆڤ دەگاتە ئەو تێگەیشتنەی لە ڕاستیدا خۆی چێکەری وەهمی خودایە. ئەمەش یانی هەڵوەشانەوەی ئەو ڕوانگەیە میتافیزیکییەی بونی مرۆڤ و تێکراپی هەبوەکان بە بونی خوداوە گرێدەدات. لێرەوە بونی خودا بە بونی مرۆڤەوە بەندە یانی بە بڕوایی نیتچە مرۆڤ هەم چێکەر و هەم بکوژی خودایە. لە هەردو ڕوشەوە شان و شکۆی مرۆڤ دەردەخات. مرۆڤ چ وەک چێکەری خودا سان و سانسازی و داهێنەری مرۆڤ دەردەخات، چ وەک بکوژی خوداش هەر هێز و بوێری مرۆڤ دیار دەخات. چونکە مرۆڤ خۆی ئەو وەهمە سامناک و بەهێزەی دروست کردوە، هەر خۆشی هەوڵی کوشتنی دەدات .(بدوي، ١٩٧٠، ١٠٥) بەڵام دواجار هەر ئەم داهێنانەش دەبێت بە بەڵا و نەهامەتی بۆ مرۆڤ و ژیان. دەکرێت بڵێین خودا ئەو دەهندە فرەزان و سامناکە دروستکراوە بەهێزەی خەیاڵی مرۆڤە بۆتە بەڵا بەسەریەوە و دەبێت لەناوی بباتەوە. ئەمەش هەر گەورەیی و شکۆی مرۆڤ دیاردەخات بەرامبەر بە خۆی و ژیان. لەلایەکی تریش کوشتی خودا هەر خزمەت بە مرۆڤ ناکات، بەڵکو لە بەرژەوەندی "خودا"ش دایە. خودا ڕزگاری دەبێت لەم هەمو دەسەڵات و کوشت و کوشتارەی بەناوی ئەوەوە دەکرێت، یان بە زمانی نیتچە باشترین شتێ مرۆڤ لەگەڵ خودای بکات ئەوەیە کە بیبەخشێ واتە بیکوژێ. هەروەها بە کوشتنی خودا ئێمە ڕزگارمان دەبێت لە دروشمانێکی وەک: "خودای بەخشندە و میهرەبان" "خودای ڕزگارکەر" کە بەگشتی هەرسێ ئاینە ئاسمانییەکە خودا وەک بەخشندە دادەنێن. ئەمەش گەڕانەوەی شکۆیە بۆ مرۆڤ ئیدی مرۆڤ چیدی ئەو بونەوەرە لاوازە، گوناهبار و بودەڵەیە نیە چاوی لە دەستی خودایەکی وەهمی بێت بەزەی پێدا بێتەوە، بیبەخشێ و ڕزگاری بکات. بەڵکو دەبێت خۆی ژیانی خۆی دروست بکات. (الأهواني، ١٩٦٥، ٧٨). بەمشێوەیە"شکۆی مرۆڤ لە نەپەرستندایە چونکە پەرستن نەنگە! نە بۆ هەموان، بەڵکو بۆ من و تۆ، بۆ هەرکەسێ کە ویژدانی هەبێ. پەرستن بۆ تۆ نەنگ دەبێ! تۆ ئەمە چاک دەزانی: دێوی ترسنۆکی دەرونت پێی خۆشە دەستەوئەژنۆ دابمێنی و بکەوی، تەمەڵ و تەنەلەش بی - هەر ئەم ترسنۆکییە پێی گوتی خودایەک هەیە!"(نیچە، ١٨٨٣، ٢٢٤) مرۆڤی پەرستش هەردەم لەنێو ترس دا دەژی و دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی، ترس لە "خودایەکی گەورە "کە دەتوانێ بە ببێت و نەبێت ژیانی بە ئاڕاستەی جیا جیا دا ئاراستە بکات. ئەمەش وایی لێدەکات چارەنوسی بداتە دەست خودا، خۆی دەستەو ئەژنۆ دانیشی- چاوی لە بەزەیی و لوتفی خودا بێت. یانی خۆی دەبێتە بوکەڵەیەک شوێن فەرمانەکانەکان دەکەوێ وکەسێکی فەرمان بەسەر داکراوە. پەرستن چیتر نییە، جگە لە هێنانی کۆیلایەتی بۆ مرۆڤ، کۆیلایەتییەک، بە مژدەی ترش و شیرینەوە، مرۆڤ بۆ ئەوەی ئازادبێت پێویستە ئەتایست بێت. ئەتائیستی مرۆڤ ڕزگار دەکات نەک کڕنۆش بردن و پاڕانەوە. هەر لەبەر ئەمەش"مرۆڤی بێبڕوا دزێو و ناشیرین نییە، چونکە سەربەستە و هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی بونی داگیر ناکات. ناشیرینی و دزێوی لە ژیانی کۆیلایەتی و بڕواگەریدایە. بڕواکار کەسێکی زەبون و ترسنۆکە و بونێکی نامۆی هەیە. (کەمال، ٢٠٠٩، ٧٣) ئەمەش پێچەوانەی ڕوانگەی باوە، هەردەم مرۆڤی "بێبڕوا" بە کەسێکی تێکدەر و دزێو، ناشیرین لێڕوانراوە و بە کێشە زانراوە بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی تر .

لەنێو کۆمەڵگادا بەر دەیان ڕستەی لەو شێوەیە دەکەوین: ئەوکەسە بێ ئیمانە و نوێژنەکرە گوڵاوە. کەسی بێ بڕوا هەم دنیاشی دەچێ، هەم قیامەت...هتد. بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤی بڕوادار کێشەیە بۆ ژیان و مرۆڤ، چونکە ئەو کۆیلەیە و دەبێتە هۆی درێژەدان بە مێگەل و کڕنۆش بردن بۆ وەهم و درۆیەک کە بە ڕاستەقینە دانراوە، هەروەها مرۆڤی ئیمان دار بودەڵە و لە خۆنامۆیە، بە پێچەوانەوە مرۆڤی بێبڕوا کەسێکی ئازاد و خاوەن "شکۆیە". وەک خۆی ئێژێ: ئەزم

زەردەشــت، مرۆڤی بێ خودا: لە کوێ دەتوانم هاوچەشــنی خۆم وەبینم؟ هەڤاڵی من ئەوانەن کە خۆیان ویســتی خۆیان بەدی دێنن، تەســـلیم و ڕەزا دەفەوتێنن. (نیتچە، ١٨٨٣، ٢١٢) بێگومان مەبەســـتی نیتچە ئوپەڕەمرۆڤە، چونکە تەنیا ئەو توانایی وەها کارێکی هەیە خودا بکوژێ، دژی ئاپۆرە و مێگەل بێت. نە خۆی بە دەســـتەوە بدات و نە ڕەزاش بێ، بەڵکو خۆی ویستی خۆی بەدی دێنێت و فەرمان بەسـەرخۆیدا بکات. بەم پێیە نیچە بە ڕاگەیاندنی مردنی خودا مرۆڤ بەرەو عەدەمیەت و پوچی نابات بەڵکو لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ بە ویســـت و توانایی خۆی ئاشــت دەکاتەوە بانگی مرۆڤ دەکات ژیانی خۆی چێ بکات دور لە ئایدیا و مژدەی ئاین و دینداران .(کرم، ١٩٣٦، ١٥٦).

بە مردنی خودا مرۆڤ تـاڕادەیەکی زۆر ڕزگاری دەبێ لە بەڵایی "ترس"، چونکە ترس خودا دروســـت دەکات، مرۆڤ دەخەســـێنێ و وایی لێدەکات چەقبەسێ و خۆی تێنەپەڕێنێ، تەنانەت ترس دلێریش لە مرۆڤ دەســـتێنێتە، بەڵام کاتێ مرۆڤ مردنی خودا ڕادەگەیەنێت، ئیدی ترس وەکو کێوێکی گەورە دەڕمێ .

"ئەو کاتەی مرۆڤیش بەسـەر ترسەکانی خۆی دا زاڵ بو، ئەودەم بەسـەر بیرکردنەوە و بۆچونە خوراڤی و ئایینیەکانیدا زاڵ دەبێت، دەگاتە پلەیەکی بەرزی شـــارســـتانییەت، واز لەوە دێنێت بڕوا بە هەبونی مەلایکەت بکات، چیتر بڕوای بە هەبونی گوناهی ئەسڵی نییە، تەنانەت وای لێدێت چیتر ناتوانێت قسە لە بارەی ڕزگاری ڕۆحیش بکات (نیتچە، ١٨٧٨، ٤٩-٥٠) بە نەمـانی ترس مرۆڤ منـداڵ دەبێتەوە و جـارێکی تر لە دایـک دەبێتەوە، بەڵام ئەودەم نەخودا هەیە، نە مەلایکەت، نە فریشـتە، نەشـەیتان، نە ڕۆح و ڕۆحی پیرۆز. مرۆڤ خۆی هەیە لەسـەر پێ، بەرز، واوەتر لە مرۆڤ چوە بۆتە ئۆپەڕەمرۆڤ، کۆمەڵگاش خاڵی لە خۆڕافیات و درۆ و وەهم و ئایدیاڵ .(سعد، ١٩٩٥، ٢١٤).

## ئەنجام

١- خودای میتافیزیکی (ئەو خودایەی ئایدیالیستەکان باسی لێوەدەکەن)، جیاوازە لە خودای ئایینی (ئەو خودایەی دیینداره‌کان باسی لێوەدەکەن). ئەو خودایەی ئایدیالیستەکان باسی لێوەدەکەن، شتەکان لە هیچەوە دروست ناکات، چونکە نالۆجیکییە شتەکان لە هیچەوە دروستبن، بەڵام بە پێچەوانەوە خودای ئایینی و نێو ئاینەکان شتەکان لە هیچەوە دروست دەکات.

٢-لەڕوانگەی نیتچە هیچ خودایەک بونی نییە، خودا ورێنەیە، بنەچەی هەیە. لە ئەنجامی ترس لە باپیرانی سەرەتاوە دروستبوە و مرۆڤ خوی چێی کردوە، بەمجۆرەش نیتچە بونی هەر خودایەک ڕەتدەکاتەوە.

٣- نیتچە باسی سێ جۆر مردنی خودا دەکات، مردنی خودای وەهمی، مردنی خودایی کۆن لەلایەن خودای نوێ، مردنی خودا لەلایەن پەیرەوانی هەمان ئاین.

٤- مرۆڤ هەبویەکی شکۆدار و خالقە، چ وەک بکوژی خودا و چ وەک چێکەری خودا. چونکە بەلای نیتچەوە خودا خالق نییە، بەڵکو مرۆڤ دروستکارە، تەنانەت خودا خۆیشی دروستکاری مرۆڤە.

٥- ئەو کاتە شکۆی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ خودا بکوژێ، نیتچە وتەنی خودای خۆی تەمبێ بکات، بێژێ: هیچ خودایەک نییە، خودا ورێنەیە. چونکە ئەو کاتەی مرۆڤیش بەسەر ترسەکانی خۆی دا زاڵ بو، ئەودەم بەسەر بیرکردنەوە و بۆچونە خوراڤی و ئایینیەکانیدا زاڵ دەبێت، دەگاتە پلەیەکی بەرزی شارستانییەت، واز لەوە دێنێت بڕوا بە هەبونی مەلایکەت بکات، چیتر بڕوای بە هەبونی گوناهی ئەسڵی نییە، تەنانەت وای لێدێت چیتر ناتوانێت قسە لە بارەی ڕزگاری ڕۆحیش بکات.

## سەرچاوەکان:

قورئانی پیرۆز.

ئینجیلی پیرۆز.

ئەرستۆ (٢٠٠٨) میتافیزیک، وەرگێڕان: د. محەمەد کەمال، سەردەم، سلێمانی .
کەمال، د. محەمەد (٢٠٠٩) نیتشە و پاش تازەگەری، سەردەم، سلێمانی .
لیدمەن، ئەریک، سڤێن (٢٠١٤) بەردەکانی ڕۆح (مێژوی چەمکە فەلسەفییەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ)، وەرگێڕان: فەرشید شەریفی، سەردەم، سلێمانی .
نیتچە، فریدریش (١٨٧٨) مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە، وەرگێڕان: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، ٢٠٢٠، فێربون، هەولێر .
نیتچە، فریدریش (١٨٨٣) ئاوا ئاخافت زەردەشت، وەرگێڕان: هێدین، ٤٩ کتێب، سوید .
نیتچە، فریدریش (١٨٨٧) ژینالۆژیای ئەخلاق، وەرگێڕان: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، ٢٠١٨، ئاوێر، هەولێر .
نیتچە، فریدریش (١٨٨٨) دژە مەسیح، وەرگێڕان: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، ٢٠١٦، فێربون، هەولێر .
نیتچە، فریدریش (١٨٨٨) ئەوەیە مرۆڤ، وەرگێڕان: هێدن، ٢٠٢٤، ٤٩ کتێب، سوید .
الأهواني، أحمد فؤاد (١٩٦٥) نيتشه، دار المعارف، القاهرة .
بدوي، عبد الرحمن (١٩٧٠) نيتشه، وكالة المطبوعات، الكويت .
سعد، محمد مصطفى (١٩٩٥) الفلسفة المعاصرة في أوروبا، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية .
كرم، يوسف (١٩٣٦) تاريخ الفلسفة الحديثة، دار المعارف، القاهرة .
نيتشه، فريدريش (٢٠٠٧) هكذا تكلم زرادشت، ترجمة: فليكس فارس، دار القلم، بيروت .
Hollingdale, R. J. (1999) Nietzsche: The Man and His Philosophy, Cambridge University Press, Cambridge.
Kaufmann, Walter (1974) Nietzsche: Philosopher, Psychologist, Antichrist, 4th ed. , Princeton University Press, Princeton.
Magnus, Bernd & Higgins, Kathleen M. (1996) The Cambridge Companion to Nietzsche, Cambridge University Press, Cambridge.
Young, Julian (2010) Friedrich Nietzsche: A Philosophical Biography, Cambridge University Press, Cambridge.